عاشوور، دوا مانگە دەستبەکاربوون، لە شارەچکەیەکی وەاتی چیا و بەفردا، دەکەوتە ژیانکی ئوپەی سەتەنەتەوە. جا بەیەکا لە

خەشیدا و هەم بە هاندان و تامی تامیکردنی کەسانی دیکە، ئاماژە و ستایشی گوزرانی دەکات و هەمیش بە سەلماندن و نیشاندانی ئەو پلەی دەسەزیی و گوە لە مستی, بە فەرمانی داەکانی سەرووی خیەو. دەست دەکات بە نامە و بروسکە ناردن، بە هاوەیانی و باس لە خەشی و جوانی وەاتی چیاو بەفر دەکات و دەیچونە بە بەهەشتە بچکەلەکەی ئەم کلیلەکەی ها لە گیرفان دا.
لە تاکە شتە، کە عاشوور، پلی سەغەت دەبە و زەوقی تەک دەدات. زمانی خەکی ئەم دەقەریە. بە دیاردەیکی شتکی کرجوکاە و قوتاق دەتە بەرچاوی،و پلی وایە ئەمەی ئەم خەکە پلی دەئاخقن، زمان نییە. پلی سیرە شتی وا نامە، لە نیشتمانی عەرەبدا هەیە!!. بیە بەلایەو گرنگە، بە زوویی ەیشکەش بکرەت. ئیدی بەم جرە خیاە دەیباتەو بە لای مەژوو و قسە و رەفتاری باووباپیرانی هەر زوو لەلای فەرمایشتی، مەژوونووسە گورەکیان! مەسعوودی لەنگەر دەگرە. ئەو مەژوونووسە! پلی وابووە، خەکی ئەم ناوچیە نەوی دەو درنج و جنەکەن و مرەف نین.
عاشوور دوای ئەوەی کە قوگی
لە بەغی ترس پاککردەو
ئینجا وتی :
لە بەردەمی ئەم فەرمانی شمشەردا
گچانین و کەمەی ملمان، تەواو کچە
لە بەردەمی ئەم فرمانی شمشیردا
کە ئەتوانە کەنووش نەبا
بەە ! ئەەم
.....
رەفیق عاشوور !
ئەەن ژنی ئەو شاخانە گرچی بەفرن
بەەام بەفری گەرم و نەرمن
رەفیق عاشوور ! وا تە ئەچی
شیمال سە شتی شیرینە
هەنگوەن و گوەز و ئافرەتی !!
عاشوور دوای مانگک خزمەتکردن بە حیزبی بەعس، و بوونە فەرمانبەر لە شارچکەیکی کوردستان دا، نامکەی ئا بەم شوەیە دەنووسە، بە هاوەیانی :
هاوەیان! ماچ و سەلام
من ئەستاکە
لە باوشی بەهەشتکی بچکەلەدام
ئینجا عاشوور دەکەوەتە سەر بیرکردنەوەی گەینی نەخشە و بەینی ئەم

زمانە.
هاوڕێیان!
پێویستە بەم نەخشەیەدا بچینەوە
وەکوو سەری گوندی یاخی
بەشمشێری زمانی خوا..
ئەم زمانەش ببینەوە!
لە چاوترووکانێکدا، هێمەتی پرسەی "تعریب و توانەوە" دەست پێدەکات و ناوی گەڕەکان دەبنە سەعد و قوتەیبە و ٧ نیسان و شیبان و یەرموووک. ٢٠ گوند کە پێشمەرگەیان داگیر داوە، بەر تەپ و گەباران دەکەون و سووتماک دەکرێن و هێمەتی "تهجیر" دەست پێدەکات و ژن و منداڵ ئادگوزرێ و میوەی بەری ڕزوباخ و بەستان و دانەوێڵەی تاڵان دەکرێ. شونێ عاسی و چیا سەرکێشکان، دەدرێنە بەر بۆمبای فسفەری و دەسووتێندرێن.
عاشووریش،وەک پاڵەوان و سوارچاک، لە پشت پەنجەرەی بالکۆن و لەسەر سەربانی ماڵەکەیەوە، دەڕوانێتە ئەو دیمەنە و بەدەم کەیف و گەمەزی جەراوجێرەوە ئادبوورێ و، بەڵەدانی قاقای بەرز، گوێ ئەرز و ئاسمان کەڵ دەکات.
کە عاشوور هات
لە حوشترەکی لەڕ ئەچوو
ملی درێژ، لاقی باریک
چاوەکانی بەقوڵا چوو
ئەم پێناسەی هەڵکەوتی عاشوورە، کاتێ لە شارچکەکەش بوو، لە ترسدا هەر دەبوو، لە بنکە و مەڵبەندی داڕاشتکان، ئاسایس و دەزگا سیخوڕییەکان بخەوێت.
دوای ماوەیەکی کەم عاشوور، بە خەیی و هەزەکەیەوە، دەچە چواردەوری ماڵی پێشمەرگەیەک بە ناوی ـ ئازاد ـ دەرگا داخراو و مەرکراو دەدات. دوای شکاندنی دەرگای ماڵەکە، دەچێتە ژوورەوە و کەسی چنگ ناکەوێ، هێفتارەکی ناشایستە لەتەک کەلوپەلی ناو ماڵەکە و وێنەیەکی هەواسراوی ئازاد و هاوسەرەکەیدا دەکات. لە کاتێکدا سەیلە وێنەکەش دەکاتەوە و ترسنۆکانە هێندە تەقە دەکەن و لە بارەکی ئاگزی دەروونی سەختدا، بە شاردنەوەی ترسانۆکەی خەی، دەست دەکات بە قاقا لێدان و ماڵەکە جێدەهێڵ.
ئێستە عاشوور حوشترەکە قەڵەو و ورگن
بەرازەکە شفرە ئاسن
ئێستە عاشوور لەم مەڵبەندەی کوردستاندا
قولاپی شادی گرتنە…
.بە قەد گوڵە ژاڵەی زامی لەشی"یافا"

لەناو بانقی خوێنی منداڵ پارەی هەیە
هەزار جار هێندەی بەیداخی "فەلەستین" و
فڕۆکەکەی شەهیدی
مەترەز زەوی و عەردی هەیە
بەقەد هەر شەش
گۆڕستانێکی داوود
مەدالیا و نۆتەی کوردکوشتنی هەیە.
کەم داگیرکەر هەیە لە مێژووداو، بەم چاوترووکاندنە بووبێتە خاوەنی
ئەم هەموو دەستکەوتانە. ئەو ئینگلیز و فەرەنسی و پورتوگالی و
هۆڵەندی و ڕووسی و ئەمەریکی، بزانن تاکە کەسێکی وەک عاشووریان
تێدا هەیە!؟، ئەم هەموو دەسکەوتە ڕەهایەی هەبێت! کەس ڕەگر نەبێت
لە بەردەمی حەزە شەهوانی و دڕندەییەکەیدا!. ئەمەریکای ملهوڕی
دنیا،تا ئێستاش لەکەمینەوە لە هەڤاڕی نامەڤانە سەربازەکانی
دەکات، لە هەر دەڤێکدا ئەنجامی بدەن و سزاشیان دەدات.
مامۆستا شەرکۆ، لە میانەی شاکارەکەیدا، ئاماژەیەکی بە پەلە و
هەستیار بە پرسی عەرەب،لە نموونەی فەلەستین دا،دەدات و وەک
پێویستیەکی شەرمەزاری و مێژوویەکی تەکشکان،لە کارەکەیدا جێی بە
دەکاتەوە. ئەمەش بەو واتایەی گوایە فەلەستین داگیرکراوە و پرسێکی
نەتەوەیی عەرەبییە،کەچی عەرەب خەیان داگیرکارترن.
ئێستە عاشوور
"وەحدە"ی دەمی قیمەکەشی سەر جێستەمە
"حوریە"ی چەقەی شەفەق و پێچکەی مەرگی بلدەزرە
" ئیشراکیەت" لای عاشوور..دابەش کردنی هەژاری و
بریندی جەور و ستەمە.
ئەو سێ وشەیە(وحدة،حرية،اشتراكية)،ناواخنی پەیامی " نەتەوەی
عەرەب یەکە و خاوەنی پەیامی نەمرییە"ی پەک دەهێنا،لە سەکوچکەی
دروشم و فەلسەفەی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بوو، لە عێراق و
سوریادا. عاشوور لەژێر سێبەری ئەم سلۆگانەدا گەورە بووە و بەم
گیانە پەروەردە کراوە، کانگای بژێوی مەاڵی بووە، ئەمە سەرچاوەی
ئیلهام وەرگرتنی بووە، بۆیە وا بەبەزەییانە بە هێنانەدی ئەو
ئامانجانە، بە هەموو شێوە و شێوازێکی دنەدانە و خۆنەاوی
تێدەکۆشێ. مامۆستا شەرکۆ بەکەس، پەردە لەسەر دیمەنێکی دیکەی
هەڤاڕی، نامرۆیی و نایاسایی و ناشارستانیتی عاشوورمان بەم جۆرە
بۆ ال دەبات:
ئەمڕۆ ئاشوور هاوڕێی عاشوور حیزبی عاشوور
شەوان درێنگ کە پێتی سەدارە ئێنوە

لەسەردابی ئەشکەنەما کە ئێبنەوە..
چەکەجێی عومری زیندانیم ئائەکەشن
تەسکەرێی منداڵ و گەورەم دەرئەهێنن
گەورە گچکە ئەکەنەوە، گچکە گەورە ئەکەنەوە
سیانزە بە بیست، هەشتا بە چل..
تا، بەیانیی کە ڕۆژ بێوە، بە پلیکانەی قانوندا
سەریان خێن و ، پێتی مەرگیان بکەنە مل
ئەم گەمە ئەکرێباتییەی بە یاسا،لە دەوڵەتەکەی ئینگلیز بە عاشووری
دروستکردووە و عەفلەق مەری (یەکێتی،ئازادی و سۆشیالیستی) لێداوە،
دیسان لە کەم شوێنی دنیادا بەرچاو دەکەوێ. لە کاتێکدا
عاشوورئاساکان بە هەزاران هەزار کەسیان گوللەباران کردووە و
لەژێر ئۆشکەنجەدان کوشتووە، هیچ پێویستیشی بێو یاسا
قەڕەقووشیانە نەبووە.
ئێو ڕۆژە کوردانەی بەدەستی بەعس گیانییان لەدەست دەدا و گۆشمردە
دەبوون، دەبوو کەسوکاریان، نرخی گوللە و ماندووبوونی جەلادەکەشیان
بدەن.
کاتێ باسی کەلەنیالیزم بێو دەوزمەیێ دەکرێ، بە کەن و نوێوە لە
هیچ دەڤەرێکی جیهاندا، سیاسەتی وای پەیڕەو نەکردووە و هیچ
میللەتێکی بندەست بەم چەشنەی کورد، لە لایەن داگیرکەرێکەیێوە ستەم
و ئازاری نەچەشتووە.
ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێ:
تا چەک سەری هەڵنەبڕیبوو
هەتا خەڵک ڕانەپەڕیبوو
تا قەندیل هەڵەی نەدیبوو
وشەی گوللەی نەناسیبوو
شمشێرەکەی دەستی عاشوور وەک هەڵەبا
بە ترس و تەنیا ئەگەڵا
عاشوورەکی پەلیس، ڕەفیق حیزبی و ئاسایش و سیخوڕی بەعس و عەراق و
عروبە، چی ویستووە بی سەمینێوە کردوویەتی و ئێوەی لە فەرهەنگی
شارستانیدا، باس نەکراوە، شاعیر لە عاشوورئاساکانی دەگەڕێتێوە.
ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، هەیئەی کەرکووک، قەسابخانەکەی موسڵ و
بەغدا و گرتووخانە ناو ڕاوکانی ئێبو غرەب و نوگرە سەلمان و
عەرعەرستانەکانی ڕووەمادی و سعودیە و کەنگرەی فاس و ڕاگوزان و
گەمارۆدان و سوتماککردن و تەرس و تەقاندن و ئاگرباران و
کیمیاباران و ئەنفال هەمۆیان لاژێەی گۆشی پەیامەکەی عروبەن.
مامۆستا شێرکۆ بێکەس، چەند پەردەیەکی دیکەی چیرۆکە شیعرییەکە، بە
هونەرێکی بەرز و ڕەنگێکی ئەدەبی جوان نەخش دەکات. باسێکی وردی

شمشێر بە سانسەرکەی عاشوور دەکات، کە توانیویەتی لە هەموو شوێنێک و لە دژی گشت کەس بوەشێنێ. لە ئەم زەرداریی و سەتەمانە، لە ئاکامدا نەیتوانیوە بەردەوام بێت و ئیرادەی گەل بە هەوێدا هەڵشاخاوە و پێشمەرگە و شەڕش قەڵغانی بەرپەرچدانەوەی سیاسەت و کولتووری دەندانەی نامرۆیی و دوور لە بەهای ژیان و مانای شارستانی عاشوورەکان بوون. عاشوور لە هەر شوێنێ بیویستایە و لەهەر کاتێکدا دەیتوانی، شمشێرەکەی دەستی بوەشێنێ و پەیامەکەی ڕابگەیەنێ. بەڵێ بەی هەبوو سزای مەرگی هەرکەس،گەورە و بچووک،ژن و منداڵ، بدات.

دوای ئەوەی ستەم و زەرداری دەگاتە دوا پلە و ئاکارێکی ترسناک، ئیدی تفەنگ ڕادەبێ و پێشمەرگە خەی دەبزوێنێ و پێویستە سنووردک بە عاشوور و شمشێرەکەی بکەشرێ.

ئازاد، لە دیمەنی نوێی چیرۆکە شیعرییەکەدا، وەک پێشمەرگەیەک دەگەڕێ. شەوێک بە مەفرەزەوە دەتەڕ، شارچکەکەی خەی، کە عاشوور تێیدا بکوژ و ببڕێ. لە چالاکییەکی بوونەدا عاشوور بەدیل دەگیرێ.

تا ئەو وەختەی ئیتر
تفەنگ چاوی گلەفت

کورد دەڵێ :"مشت لە دروشمەوە دەگەڕێتەوە" دوای ڕابوون و بزاڤی کورد، ئیدی پاشکشە بە شمشێر و ئاڵا و پەیامی عاشوور کرا. لە دیمەنێکی سینەمایی یان تابلۆیەکی بەرزی وشە و پێناسە، مامۆستا شەرکە درێژە بە چیرۆکە شیعرییەکەی دەدات. هەروەک بڵێی، شاعیر خەی لەگەڵ مەفرەزەکەدا بووبێت، یاخود فەرماندەی هێزەکە بوو بێت، هێندە بەرز و جوان دیمەنەکانی دەیشتن، قەتارەبەستن و لایەت داگیرساندن و چەشتنی سەرما و سەڵەی ژیان و چالاکی پێشمەرگەکان باس دەکات.

مەفرەزەیەک.. یەک لە دوای یەک
بە هەنگاوە یان دوو هەنگاو
سەری لووت و پەڵەی گوێچکە
سە و تەزیو..
…
وەکو لوولەی کتری کۆاو
دەم هەڵاوی لە هەڵە ئەسپە
پەڵاوی لاستیک گرژ بوو، ئاو تەی ئێچە و
شەقە شەق، سەری پەنجەی تیا ئەتەزە.

بەم زمانە چڕ و باسە پوخت و ستایشە بەرزەوە،شاعیر بەمان بەردەوام دەبێ لە گێانەوەی چیرۆکە. چۆن لەو ڕۆژگارەدا هەڵەکانی نەتەوەی ستەمدیدەی کورد، بە ئاوات و ئامانجی سەربەخۆیی و ئازادی

گیانبازییان بۆ ژیانی خۆیان کردووە و چ کوڕوکڕیی و تاڵی و سوڕییەکیان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە نەواکەی دڵی پیرۆزکە دا چەشتووە. گەلانوێک، مەگەر تەنیا چاوی کامەرا و فەنتازیای خۆیان و هەستی ناسک و قەڵەمی ڕەنگین و هزری فراوانی مامۆستا شەرکە لە عەدەی بێت.
دواتر دەتە سەر چوونە ناو شارچکەکەوە بە شەوی تاریک و نانوێی بەسە بە داڕە مرۆڤخۆرەکانی عاشوورئاسا و نیشاندانی ئیرادەی میللەتێک، بەوی خۆی نادات بەدەستەوە و هەرچی شمشێر و پیامی عاشوورە ناتوانێ ویستوخواستی بوون و هەبوونی لەناوبەرە.
ئەو دوای وەشاندنی گوورزی جەرگبڕ لە داگیرکەر و لە دیمەن و پەردەیەکی ئەدەبی شاکاردا،کە شایانی ئەوەیە لە فلیمەکانی هۆلیوددا، بەرچاو بخرێن، جارێکی تر شەرکە بکەسی مەزن، لە ڕێگای بابەتی ڕاگەیاندنی هەواڵی دەستگیرکردنی عاشوور و چەند دیلێکی تر، چەن بە ئامڕی بە سیم، هەوا و مژدە و مزگێنی سەرکەوتنەکان بە دامودەزگاکانی شەش گەیەندراوە. ئا لەرەشدا، پێت وایە خودی شاعیر بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن و بەشی سەربازییە، هەندە ورد و بە دیقەت و نەرم پە بە پەی پەوەندی کردن، بە بە سیم و ناردنی هەواڵ و وەرگرتنی هەواڵ و گیزە گیزی ئامڕی بە سیم و یاری بە ئەنتەنە و، پیامی سەرکەوتنی چالاکی و مژدەی بەدیل گرتنی گەورە دا،"عاشوور حەمدان". بە هاوڕێیان ڕادەگەیەنە. بەڕاستی ئەم هاوکات تەمارێکی بەرزی لاپەڕەیەکی سەروبڕیە.
بەڕێزان، دەڕەدان بەم بابەتە لە لایەن بەندەوە، هەتا ئەرە هەر بە ئەو مەبەستەیە، کە بەڕێن عاشوور، سیمبۆڵی دەسەڵاتی حیزبی بەعس و دەوڵەتی عەراقی زەبەک و عروبەی تاوانبار، نەیتوانی، بە هەمیشە، ویست و خواستی نەتەوەیەکی کەنەفت و کەوار خامش بکات. بەڵی بە ئەوەی چیرۆکەکەتان بەنیوەناچی بە نەگەیەنەوە. دەنا ئەم پەردەیە و هەندە لایەنی تری ئەم چیرۆکە شیعرییە،ڕەنگە هاوشان و هاوەمانای ناونیشانی باسکەمان نەیەتەوە.

ئەوەتا وا عاشوور حەمدان، داڵاشی ڕەشی باڵ شکاو
بووە بە فاقەی پشمەرگە و سروشتەوە دەردەست کراو.
شمشێرەکەی زەلیل زەلیل.پاڵانەوەی داماو داماو
داڵی گیراو،داڵی ناوسک پڕ لە بەچوە چەلەکەی کورد پێش خراوە و ڕەبات و هەنگاو هەنگاو ئەژنەی ئەشکە
ئەستە عاشوور پیامەکە
کەسیرە،دروشمەکە قاچ و قول و دەست و پەنجە سەرما بردوو
ئیدی دوای ئەم وەستگەیە، باس دەگاتە ئەوەی عاشوور بە زیندوویی نەک بە وەنە ئازاد، ئازادی ماڵ قوفکراوی و داگیرکراو، لەبەردەم

عاشووردا قووت دەبێتەوە. ئەمش داستانێکە وروژێنتر و بەجێشتر دەکات.
لەتێک دڕژدان بە گۆرانوەی پاردەکانی تری چیرۆکە شیعری "داڵ" دا، شاعیر سەرکەوتووانە بە دیمەنێکی هیوابڕش و وردە بەرزەوە، دەمانخاتە بەردەم ئاسۆیەکی گەش و پڕ لە ئاواتی سەرکەوتن و بونیاتنانی وڵاتێ وەرانکراوەکەی کوردستان، بە هەڵە قارەمانانەکانی. کەواتە دەستاتی زەبر و ستەمکاریی چەند قورس و گران و گەورە بێت، بتوانێ بە ماوەیەک ئاواتی نەتەوەیەک بتاسێنێ، ئەوە هەرگیز ناتوانێ ویست و خواستی بە هەمیشە بکوژێ. شاعیر بەم کۆپلە شیعرە بەرزەکەتاتی بە چیرۆکەی "داڵ" دەنێ و دەنووسێ:

ئێستە سەعات دەی بەیانی ڕۆژی هەینی
هەشتی هەشتی هەشتاو و شەش
لەژێر کەپرەکەی خەموە
لە نێوان لقی دارگوێزی گوێ چەموە
هەر لە هەمان دەربەندەوە
لە سەرەو.. بە تووڵە ڕەی ئەوبارەوە
ڕەچکەیەک داڵی گیراوی چەماوەی ژێر
کەڵە خۆڵ و خشت ئەبینم..
عاشووریشیان لە پشتەوە ڕەچکەیەک داڵ
تەنها بازێک لە پشتەوە
گۆ.. ئەکشن.. بەرد ئەکشن دار.. ئەکشن
بە خێستخانەی ئەو هەڵە زامدارانەی
بە باڵی خوێناوی شەش
شیعرێکی نوێم بە ئێنووسن.

سەرچاوە دیوانی شەرکە بکەس،ل ٤٥٧ــ ٥٠٢، بەرگی ٣ سوید ٢٠٠٩

هەڵە بەرزنجەیی
٨/٨/٢٠١٧

دەنگدەرو هەڵبژێردراو...کامیان خزمەت بە کامیان دەکات ؟! ... موزەفەر عەبدوڵا

چەند هێزێکی پەوپاگەندەی هەڵبژاردن لە لایەن دەستەو تاقمە قەومی – خەباکی و دینی – تایەفی و کاندیدەکانیانەوە لەسەراسەری عیراق، بە کوردستانیشەوە ،دەستی پێکردوە بە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق.
هەڵبەت ئەمە یەکەمجار نیە، هەنگە دوا جارێش نەبیت ، کە ئەم زەلکاوەی دروستیان کردەوەو پێی دەڵێن پەرلەمان ، دەنگدانو هەڵبژاردنی تیا بەڕێوە دەچێت تا چەند سەد کەسێک لە فاسدترین سیاسی و تاوانبارەکان دەنگیان پێ بدرێت و ببنە ئەندامی بەناو پەرلەمانو تا چوار ساڵی تر خەریکی دزیو گەندەڵی و سەرکوت بن.
هەر کەسێک ئاگەر سەرنجێک لە پروپاگەندەو قسەو باس ،و تەنانەت تەماشایەکی بیوگرافی و کارنامەی زۆربەی کاندیدەکان بدات ئەوە ئادەی ئیسوایی ئەم هەڵبژاردنەی بە دەردەکەوێت. دەردەکەوێت ئەوانەی خۆیان بە ئەم هەڵبژاردنانە کاندید کردەوە بە لەبەرچاگرتنی دەسەڵاتی ئەم دوو سێ دەیەیەی ئەم دەستەوتاقمانە ئەوە ئاشکرا دیارە کە ئەمانە بە شوین چ مەبەستێکی قەزەوەنەوەن.

ئەم کاندیدانەو سەرانی حزبەکانیان لە بانگشەکانیان سەروبنی قسەکانیان ئەوەیە کە ئەوان لە خزمەتی خەڵکدانو بە شاری خزمەتی خەڵک خۆیان کاندید کردەوە ودەیانەوێت ببنە ئەندام پەرلەمان.هەمویان بە ڕاستو چەپەوە لێستی درێو تەفرەدان ئێز دەکەنو هەزارو یەک بیانوو دەدەن کە ئەوان لە خزمەتی خەڵکدان.
بۆیە هەقە خەڵکی ستەمدیدەو بێبەشو هەژارو نەدار لە کریکاران ،بێکاران. مامۆستایان ،کارمەندانو تویژە کەمدەرامەدەکان ،کە بە نیازن دەنگ بدەن ، ئاوڕێک لە دەنگدانەکانی پێشوتر بدەنەوەو لە خۆیان پرسیار بکەن ئاخودەنگدەرو هەڵبژێردراو بە فعلی کامیان خزمەتی کامیان دەکەن؟ !

دەنیام هەر بە چاوپیاخشاندنێکی خێرا بە پرۆسەی دەنگدانو هەڵبژاردنەکانی پێشوو بۆیان دەردەکەوێت کە دەنگدان بە هەڵبژاردنی چەند سەد کەسێک لە نوێنەرانی ئەم دەستەو تاقمە قەومی – خەباکی و ئیسلامی – تایەفیانە تەنها دەبەتە خڕوبڕێکی گۆڕە بە ئەو

نوینەرانە کە دەبنە ئەندام پەرلەمان تا چوار ساڵی تر. وە تەنها کاریان دزی و گەندەڵیو پێشلکردنی هەمو مافو ئازادی یەکانی جەماوەری دەنگدەری ستەمدیدە دەبیت . چونکە ئەمە ناوەرۆکی پەیامی ئەو دەستورو یاسایانەیە کە پەرلەمانو حکومەتو هەمو دامەزراوەکانی ئەم دەوڵەتەی لەسەر بنیادناوە.
دەستورو یاسایەک کە خەڵکی دابەش بکات بەسەر دەستەو تاقمی قەوموخێلو دینو تایفەو هەرگیز لە سایەیدا هیچ نوێنەرو هەڵبژێردراوێک ناتوانێت بە یەکسانی لەخزمەتی هەمو خەڵکدا بیت.

پەیوست بە شیکاری و لێکۆڵینەوەی سیاسی ورد ناکا لەسەر دەستورو یاساو ململانێی سیاسیو فکری ئەم دەستەو تاقمانە. چونکە لە ماوەی ١٥-٢٠ساڵی ڕابردودا خەڵک بە کردەوە تا سەر ئێسک تاڵی دەسەڵاتی ئەمانەیان چێشتوە. تەنها سەرنجی کاروکردەوەی ئەم تاقمانەو نوێنەرو کاندیدەکانیان بکەیت ئیتر ئەو ڕاستی یە دەرکەوێت کە دەنگدەرو هەڵبژێردراو کامیان خزمەت بە کامیان دەکات .

هەر هەڵبژێدراوو ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق و کوردستان، تەنانەت شەریفترنیشیان لە ڕوانگەی خەڵکەوە ،دەبینین لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا ،ئەگەر پێشترهیچیشی نەبوبێت ،ئەوە دەبێتە خاوەن کۆشکو تەلارو باخو ماشینی دوا مۆدیل و چەندین کۆمپانیاو چەند ژنکیش دەکرێت لە سایەی بەرەکەتی یاسا فرە ژنە قیزەونەکانیان.وە لەم چوارساڵەدا چەند خزمەکی خۆشی دەکات بە پاسەوانو جانتاهەڵگریو موچەیەکی باشیان پێ دەدرێت .

بەڵام هەمو ئەو خەڵکانەی تر کە دەنگیان داوە تەنها شەو کارەساتی ئەم دەسەڵاتەو نوێنەرەکانیان پێ دەبێت.ئیتر هەرلە کارەساتی بە موچەیی ، بە کرێی ، بە ئاوو کارەبایی ، بێکاری و بێخانەو لانەیی و دابین نەکردنی دەیان و سەدان پێویستی و مافی تر تا دەگاتە بون بە قوربانی نەوان کەشەو ململانێ و شەڕی ئەم دەستەوتاقمانە لەسەر دەسەڵاتو دزی و گەندەڵی.

بۆیە بە بە گوێدانە هەج بەهانەیەک کە دەڵین ئاخر ئەگەر دەنگ نەدەین بدیل چی یە؟یاخود ئەگەر دەنگیش نەدەین ئەم حزبانە خەیان لە جیاتیان دەنگد دەدەن؟! یاخود ئیتر ئەمە دەنگدانو هەڵبژاردنی دیموکراسی پەرلەمانی و مافی خەڵکە دەنگ بدات؟! یاخود ئەم دەنگدانو هەڵبژاردنە باشترە لە موبایەکی سەدامو بەعس؟!دەیان بەهانەی پوچی تر. بەڵام دەنگدانو ڕیسوا کردنی ئەم گاڵتەجاری یە هەڵوەستی سیاسی بە کردەوەی دژی ئەم دەسەڵاتەیە لە ئاستی

کوردستانو عیراق.
وەهەر بەم هەوڵستەش ناگا خۆش دەبێت تا خەڵک یەکگرتو بن وەک بەدیل بۆرامبەر دەسەڵات دڕکۆن .

٢٠١٨-٤-١٩
موزەفەر عەبدوڵا

چەپڵەلێدەن ... شەرزاد فەقێ ئیسماعیل

ئەی بە رواڵەت ئەوروپی و،
پەروەردە و بیر و ناخیشت
مەکانی سەدەکانی
ناوەڕاستی خەرهەڵاتی،
کۆیلەکانی تەرانێتی
بیدروونەوە
بەرهەمی رەگەزپەرستی.
ئەو دەسکەوتە گەورەی سەرک
بە دەستی خست
هەر بلیمەتی خۆیەتی
ئەگینا ئەوە چووزانن
سوڵتان چی دەڵێ و چی دەکات.
تەنیا لە توانای ئەودایە
پەرجۆ و فەلسەفە دروستکات.
بەیانییان لە ئەنکەرە
حوکمی دەستگیری سەدان کەس
لە رەخنەگرانی دەردەکا
ئۆوارانیش
فەرمانی تۆپبارانکردنی
دەیان دێهات و شارۆچکە و
شاری خۆرئاوای کوردستان
واژۆ دەکا.

به رووه شەرمەزارەکەی
فەرمانی ڕۆگە پێدانی
تاڵانی سامانی کوردان
بە تلیاك کێشەکان دەدا.
خۆی خۆراکدانی تیرە
هەرکەس لەو خولگە نەسووە
بە تیرۆریست دەیناسێنێ.
ئەوە تەنیا بۆتان هەیە
چەپڵە لێدەن، سەما بکەن
پیرۆزبایی و ئافەرین و
دەستخۆشانەی پێشکەش بکەن.
گەر چاویشتان لە بەرامبەر
هەزاران گلەیی هەر زەقە
پشتیوانی هەزاران لە
نموونەی وەك خۆتانئاسا
لەو ڕۆژهەڵاتە وێرانە
لە کێنەوە هەبووە و دەشبێ.
ئەوەی وانەی خیانەت و
گەندەڵێتی و پانکردنەوەی
بە وردی ڕەوان کردبێ،
گوێ بە هیچ بەهایەك نەدا
ڕۆژ دوای ڕۆژ ساماندار و
بەختەوەر و شادتر دەبێ.
زلهێزەکان لە پاداشتی
ئەو خزمەتە، فڕوفێڵە
ملیۆنەها لیرە و دۆلار
دەبەخشن بەم گوێڕایەڵە.
یا ڕۆگا خۆش دەکەن خاکی
گەلێکی بێ هێز و پەنا
داگیر و کاول و تاڵانکا.
ئەوەی مەیش بۆی هەڵپەڕن
بەو خەیاڵەی ، لەپێناوتان
دەسکەوتێکی باشی هێنا.
مەگەر بە چاوتان نابینن
ملهوڕان و کەڵەگاکان
چەند بەهێزن، چەند بێ ڕەزن
دەوڵەمەندن، چەند کەساسن

به دروشمی چەکە زەیتوون
دارستانەکانی زەیتوون
بە ئاگر و ئاسن هەڵقرچان
هەزارەها تۆپ و بۆمبا
بە گیانی ژن و منداڵ
پەککەوتە و پیر
بە بێباکی بەردەکا،
خۆی و چەندان ریش چەپەڵك
فتوای قڕکردنی کورد دەدا.
تلیاك کێشی دەیان وڵات
داماڵراو لە خوو و ڕەوشت،
لە گشت بەهای مرۆڤێتی
شکستخواردوان لە ژیان
لە ژێر ئاڵای ئیسلامەتی
کڕکردەوە لە دەوری خۆی
ئاسایشترین هاوسێی خۆی
کردە ئامانج
شاری ئاشتی و دۆستی و ڕێزی و
میوانەواز ، خانەدانان
بەسەر یەکدا کردن وێران.
سەدان هەزار بێ گوناهی
لە ماڵ و زێد و هێلانەی
بەرەو دەشت و چۆل وەدەرنان
دیارە سەدەی بیست و یەکیش
لە ڕۆژهەڵات
ئاوەزی دێندایەتی و
دیسان هەر خوێن ڕشتن و
ماڵوێرانکردن و تاڵانە،
جێبەجێکردنی پیلانە
زلهێزان ئەوە دەخوازن.
ئیتر ئەنجام هەرچی هەیە
مەڕ و بزن قەدەغەیە
پرسیار بکا لەپای چییە
ئەو هەموو دەستدرێژییە؟
ئەی مەڕەکانی تورکیا
دە بخوێننەوە مێژوو
لەبیرتان چوو

دەسەڵاتی ملهوڕانتان
بەسەر دەیان وڵات هەبوو
ستەمکاری و بێ باکیتان
هەمووی دەرکرد لە ژێر دەستتان؟
چەپڵە لێدەن . . .
مامە حەمە و پیشەی ماستاو
دەیان ستەمکار و دەستەش
دەیان دیکتاتۆر ، نەشیاو
بەرهەمی چەپڵەی ئەوەیە
ئیتر تا هەن
نەك هەر خەڵك ، بگرە خۆشتان
بێ ساتەکیش ناتوانن
لە ژیانتان ئاخەی بکەن.
لە لاسایی ئەوروپییان
دیمەنتان وا دیارە گوایە
زۆر پێشکەوتوونە لە ژیان،
بەڵام رووەن و ئاشکرایە
هەر رووکەشی دەرەوەیە،
مشك هەر بیری سەردەمی
جەنابی سوڵتانەکانە،
ئەستاش بە هەوای دەزانن
سوڵتان خاوەنی سەدان ژن،
خزمەتکار و بەندە و کۆیلە و
دەیان گەنجی خەسڵنراوی
ناو حەرەم و
ئەندەروون، داڵانەکانە
ئیتر هەر خووی
سەدەکانی ناوەڕاستە
خۆتان و دەستەی حوکمڕان
بەو ڕێبازانە پەیوەستە
کلتووری مەغۆلەکانی
ژێر فەرمانی هۆلاکۆیە
داگیرکردن ، ستەمکاری
خاپوورکردنی وڵاتان
لای ئێوە تیۆری ژیانی
سەرفرازی و ڕەوایەتی و
ڕێی دروستە.

ڕۆژ هەر دێ
لەسەر خەونە گڵاوەکانتان
خەتان و سەرکردە و سوڵتان
لە قوڕ بچەقێ دەمتان
ئەوەی زەوتیشتان کرد لەمەوپێش
لە قوبرس و ئەسکەندەروون
لە عەفرینی پڕ زام و ئێش
لەگەڵ تاڵە و قەرەبوویان
ئەو شوێنانە بێ یەکجاری
بێ هەزاران چاوچنۆک و
زۆرداری لە وێنەی خۆتان
دەبێتە دوا گۆڕستان.
تا ئەو ڕۆژەی جێی دەهۆن
عەفرین بێ تۆرانییان ژانە
بێ کوردانیش
دەروازەی، یەکبوون، ئازادی،
بەرخودان و تێکۆشانە.

2018 – 3 – 20

داوای گەڕانەوەی هەموو کۆپیەکانی کتێبی سەردێشت عوسمان دەکەین!

هەرێمی کوردستانی ئێوارەی دوێنێ ڕۆژی پێنجشەممە (١٩ \٤\٢٠١٨) لە بازگەی بەستانێ، ئاسایشی پارتی دەستی بەسەر ٥٤ دانە لەبەرگی دووەمی کتێبی سەردێشت عوسمان داگرت و ئێندامی ستافی ئامادەکاری کتێبەکە (بەهزاد موحسین) دەستگیر دەکات و بە ماوەی چوار کاتژمێر لە ئاسایشی هەولێر دەست بەسەری دەکا و دواتر ئازادی دەکەن.
بەهزاد موحسین بەبێ هیچ پێڕاگەیاندن و سەراغێك لە لایەن ئاسایشی پارتی دەستگیرکراوە بە تۆمەتی هەڵگرتنی کتێبەکەی سەردەشت. پارتی

دیموکراتی کوردستان جارێکیتر ڕاستەوخۆ دژایەتی ئازادی دەربرین و دەسیسەی تیرۆریکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دەکات، کە بەرسیارەتی تیرۆرەکە لە ئەستۆی پارتیدایە و بکوژان لەژێر فەرمانڕەوایی ئەو ئازادن.
تا ئێستا کتێبکان لایەن ئاسایشی هەولێر دەستی بەسەرداگیراوە و نگڕاندراوەتەوە بۆ ستافەکەی. ئەمە پێچەوانەی هەموو پرەنسیپێکی دیموکراسی و ئازادی دەربڕین و بیان و بڕاوکردنەوەیە کە خەیان ڕۆژانە ئیدعای بۆ دەکەن.
جارێکیتر بەتوندی ئەو کارە سەرکوتگەرانە سەرکۆنە دەکەین و داواکارین سەرجەم کتێبکان ئازاد بکەن و بێگانەوە بە خاوەنەکەی. پێویستە پارتی دەستبەرداری ئەو سیاستە چەوتەی بێت، کە بازگەکانی کردۆتە شوێنی دەستگیر و دەستبەسەرداگرتنی شتە تایبەتیەکانی هاوڵاتیانی کوردستان.
لەڕدا جارێکیتر بانگەوازی سەرجەم ئازادیخوازان، ڕۆژنامەنوسان، ڕێکخراوە مەدەنیەکانی دەکەین بەهێزبینی دەنگی ناڕازایەتی، وەڵامی ئەو سەرکوتگەری و پێشێلکاریە بۆ ئازادی و مافی تاکی کوردی بدەنەوە. پارتی بەهیچ شێوەک مافی ئەوەی نیە دەست بەسەر مومتەلەکات و کتێبی هیچ کەسێک بگرێت. پێویستە دەست بەجێ کتێبەکان ئازاد بکات و بوونی سەردەشت وەك سیمبولی ئازادی لە هەولێر و کوردستان قبوڵ بکات.
بەردەوام دەبین لەهەوڵەکانمان لە ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراو و ناوندە نودەوڵەتیەکانی بارگری لە ئازادی دەربڕین و بڕاوکردنەوە، نوسەران، ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ.
لەم کارە سەرکوتگەرانەی ئاسایشی پارتی کە سەرتاپا ناکۆکە لەگەڵ سەرتایترین پرەنسیپی دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ.
هەر لەڕدا دووپاتی دەکەینەوە، ئەم کتێبە لە تەواوی کوردستان و عێراق و هەموو شوێنیکیتر بەفراوانی و بە تیراژی زیاتر بڵاو دەکەینەوە. سەرکوتگەران خەیاڵیان خاوە بتوانن لە ڕگای بازگەکان کۆنترۆڵی بیر و هۆشکی گەنجان و ئازادیخوازی کوردستان بکەن. هاوکات لە نزیکترین ماوەدا لینکی بارگی یەکەم و دووەم لەسەر ئینتەرنێت و تەلەفۆنەکانی ڕاستەوخۆ دەخرێتە خزمەتی خوێنەران.

بژی ئازادی دەربڕین!
کۆتایی بێت سەرکوتگەری و پێشیلکردنی ئازادی سیاسی!

ستافی ئامادەکاری بارگی دووەمی کتێبی سەردەشت عوسمان

ئاس‌س هەردی
بەهزاد موحسین
نیاز عەبدوڵا
بەکر عوسمان
دڵشاد ئەنوەر
دڵەر ئەمین

2018-04-20

فیلمی کوردی "ئێل کلاسیکۆ" لە فێستیڤاڵی جیهانیی فیلمی فەجر نمایش دەکرێت

مەنووچەهر جیهانی ـ فیلمی بەیندی سینەمایی "ئێل کلاسیکۆ" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد "هەکەوت مستەفا" لە بەشی "زەنگی حەوتەم"ی سی و شەشەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانیی فیلمی فەجر لە پەردیسی سینەمایی "چارسوو" لە تاران نمایش دەکرێت.

بە پێی ڕاپۆرتی لێژنەی ڕاگەیاندنی سی و شەشەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانیی فیلمی فەجر، بەشی "زەنگی حەوتەم" The 7th Hour سی و شەشەمین خولی فێستیڤاڵی جیهانیی فیلمی فەجر بە نمایش کردنی حەوت فیلمی بەیندی سینەمایی و چوار کورتەفیلم کاری خێی دەست پێدەکات و لەم بەشەدا، فیلمە گەلێکی شیاو لەگەڵ تەمەن و سەلیقەی قوتابیانی ئێرانی نمایش دەکرێت. بەشی "زەنگی حەوتەم" هەڵکە بۆ ئەوەی کە قوتابیان لەگەڵ شێوازە سەرەتاییەکانی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی فیلم ئاشنا ببن و پاشان دەتوانن بە نووسین و ناردنی ڕەخنەکانی خۆیان بۆ نووسینگەی فێستیڤاڵ لە ڕکابەری کردن بۆ وەرگرتنی خەڵاتە جۆراوجۆرەکانی باشترین نووسینی ڕەخنە بەشداری بکەن.

فیلمی "ئێل کلاسیکۆ" El clásico بەرهەمی وڵاتانی عێراق و نەرویج، یەکێکە لە بژاردە سەرنجڕاکێشەکانی لیستی فیلمەکانی بەشی "زەنگی حەوتەم" کە چیرۆکی "ئالان" و براکەی دەگێڕێتەوە کە لە کوردستانی

عێراقەوە بەرەو ئیسپانیا وەدەکەوێت بۆ ئەوەی کە یاریزانی خۆشەویستی خۆی "کریس رۆناڵد" ببینێت. ئەو فیلمە بە تەمەکی پڕ لە جۆش و خرۆشی لاوێتی دەتوانێت یەکێک لە بژاردەکان بێت، بۆ ئەوەی کە بینەران بۆ بینینی ئەو فیلمە پشتی پێ ببەستن.

بیرکەوەی ئەو فیلمە لە سەفەرێکدا بۆ شاری هەولێری هەرێمی کوردستانی عێراق هاتە زەینی هەکەوت مستەفا. کاتێک کە لەبەر داربی یانەکانی رئیاڵ مەدرید و بارسەلۆنا نیوەی خەکی شارەکە دەژنە سەر شەقامەکان و وەها بەسەروبەرەیی بەسەر شاردا بارێ دەکشێت کە ئەو ناتوانێت لەو هەتڵە بچێتە دەرێ کە لەوێدا نیشتەجێیە. ئەو دوای گەانەوەی بۆ نەرویج بلیتێکی فڕکە و بلیتێک بۆ ئێل کلاسیکۆی دواتری کۆی و چوو بۆ ئیسپانیا.

ئەو دوو برا کوردەی کە دەورە سەرەکییەکانی ئەم فیلمە دەگڕن، لە کاتی یەکەمین نمایش کردنی فیلمی "ئێل کلاسیکۆ" لە شاری ئۆسڵۆ بۆ یەکەمین جار لە تەمەنی خۆیاندا پێیان نایە هۆی سینەما. هەکەوت مستەفا ماوەی یەک ساڵ لەگەڵ ئەم دوو برایە ژیا کە بەردەوام خەریکی دەمەقاڵە لەسەر یانەکانی خۆشەویستی خۆیان بوون؛ بە مەبەستی ئەوەی کە بتوانێت لەگەڵ هەکشان و داکشانی ژیان و هەستە راستەقینەکانی ئەوان لە نزیکەوە ئاشنا بێت و تێبگات کە مرۆڤە کورتەباڵاکان لە سووچێکی تەواوینن بە بەرزایی 90 سانتی مەتر، چڵن دونیا و دەوروبەری خۆیان دەبینن.

هەکەوت مستەفا سیناریۆی فیلمی ئێل کلاسیکۆی بە هاوکاری "ئاندرۆس فاگرهۆد" لە ماوەی دوو ساڵدا نووسیوە. نوسخەی یەکەمی سیناریۆکە تەمی عاشقانەی نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی کە هەکەوت لەگەڵ خەونی هاوبەشی زۆربەی مرۆڤە کورتەباڵاکان ئاشنا دەبێت، بڕیار دەدات نۆئاخنی عیشق بە چیرۆکەکەی زیاد بکات. "خەونی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانی باڵابەرز" رەنگە بەو هیوایە کە بەختیان بۆ هەبوونی منداڵی بە باڵای ئاسایی زیاتر بێت.

هەکەوت مستەفا لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیتوانی وەکوو زۆربەی دەرهێنەرەکان، فیلمەکەی لە وڵاتانی ئەردن یا مەراکیش دروست بکات، وڵاتی عێراقی هەبژارد بۆ ئەوەی کە فیلمەکەی رەسەنایەتی و بایەخێکی زیاتری هەبێت. بۆ دوو حەوتە فیلم هەگرتن لە بەغدا ناچار بوون، دیکۆری شار و گشت بازاڕی بەغدا دروست بکەنەوە. لەبەر ئەوەی کە بڕدومانە یەک لە دوای یەکەکان و بە تایبەت هەرشە ئاسمانییەکانی ساڵی 1988 شتێکی وای لە بەغدای پێش جەنگ

نەهێشتبووەوە.

فیلمی "ئێل کلاسیکێ"ش وەکوو "دڵی سوور" یەکەمین فیلمی بینەری هەڵکەوت مستەفا باسی بابەتی گروپە کەمینەکان دەکات. بەم جیاوازییەوە کە دڵی سوور بە تۆندی فیلمێکی سیاسی بوو، بەڵام ئێل کلاسیکێ پەیامێکی سیاسی راستەوخۆی نیە. یەکێکی دیکە لە وێکچوونەکانی ئەم دوو فیلمە کەکوەرگرتن لە ماتێریلکێت لە فیلمی یەکەمدا و چوارتەگەری لە فیلمی دووهەمدایە.

"هەڵکەوت مستەفا" لەو بارەیەوە دەڵێت: "من پێم خۆشە کەسایەتییەکانم شتێکیان هەبێت،
بێ ئەوەی کە بەو شتە بەرەو پێشەوە بڕۆن و ماتێ زیاتر لە ترەمبڵ کە چوارپاڵوویەکی سەربەستراوە، هەستی رزگاری و ئازادی وەبیردەهێنەتەوە."

فیلمی "ئێل کلاسیکێ" نە لە چیرۆکدا قسەیەکی تازە دەکات و نە لە فۆرمدا. فیلمێکی کلاسیکی جادەیی بە تەمی عیشقی گەنان و بەدواداچوون و بە پێش زەمینەی تۆپێن و هاندەرانی دڵخوازی ئەستێرەیەکی وەرزشی. بەڵام ئەو شتەی کە ئێل کلاسیکێ بەرجەستە دەکاتەوە، وێنە گرتنی عێراقی هاوچەرخ و تەنزی زاڵ بەسەر فیلمەکەدایە. لەبەر ئەوەی کە هەمووی ئەو فیلمانەی کە بەر لە ئێستا لەم ناوچەیەدا و سەبارەت بە خەڵکی ئەم ناوچەیە دروست کراون، چیرۆک گەلێکی خەمناکن بە تەوەری زۆرم لێکراویی خەڵکی ئەم ناوچە جوگرافیایە.

یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی ئەم فیلمە مۆنتاژی "ئینگ لیزلانگفێت"ـە کە کورتەباڵابوونی کەسایەتییەکانی فیلمەکە بەردەوام بەرجەستە ناکاتەوە. ئەو فیلمە بەر لەوەی کە قەیرانی کورتەباڵابوون وەبیر بەردەنگ بهێنێتەوە، زیاتر سەرنجەکان دەخاتە سەر هەوڵی کەسایەتییەکان بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان و بەم خاڵەی کە لەگەڵ هەموو شتێک، ژیان بەردەوامە. لەگەڵ هەبوونی جەنگ و بۆمب و چەک و تیرۆر و تیرهاوێژیی بەردەوام، پێکەنین هێشتا لە ژیاندا بوونی هەیە و خەڵکی بەردەوام بە جێش و خرۆشەوە، یاریی نێوان یانەکانی خۆشەویستی خۆیان دەبینن و ئەو یاریزانانە هان دەدەن.

سی و شەشەمین خولی فیستیڤاڵی جیهانیی فیلمی فەجر لە ڕۆژانی 19 تا 27ی ئەپرێڵی 2018ی زایینی ڕێکەوتی 30ی خاکەلێوە تا 7ی گوڵانی 1397ی هەتاوی بە دەبیریی "سەید ئەزا میرکەریمی" لە شاری تاران

بەڕووەدەچێت.

ڕووباری غەمەکان
شیعر : نزار قبانی
وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام
"""""""""
چاوەکانت دوو ڕووباری غەمن
دوو ڕووباری مەسیقا،،
کە گۆڕایانمەوە
بۆ دەر زەمان…
دوو ڕووباری مەسیقا کە ونبوون
و
ئێنجا خانمەکەم
منیشان وون کرد…
"""""
فرمێسکی ڕەشی چاوەکانت
ئاوازی درکاندن ئێبارێنێن
چاوەکانت و جگەرە و "مێی"یەکەم
و
دڵیەم پڕک و نابینایان کردم
و
لەسەر کورسییەکەم سووتاوم
ئاگرەکانم یەکتری ئەخێن
پێت بڵێم :
خەشم ئەوێیت… مانگەکەم..!!
ئاخ خەزگێ ئەمتوانی بیڵێم..
من لە دونیا
جگە لە چاوەکانت و غەمەکانم
چی ترشک نابەم….
'"""""
پاپۆرەکانم لە بەندەرەکەیا ئەگرین
لەسەر دوورگەکان

تەک ئەشکەن
و
چارەنوسی زەرد هەڵگەراوم
ەوخانمی..
باوەڕ بوونمی وەران کرد..
ئەی سەبەری خودا
لەسەر پەڕوی چاوەکانم
بە تەچن سەفەرکەم..!!
هاوینی سەوزم..خەری من
ئەی جوانترین لە هەنگۆ جوانەکانم
چەن جەت هەم
کە چیرەکەکەمان
لە گەڵانەوەی بەهار جوانترە
لە نەرگزی ناو تاریکایی قژی
کیژەکی سلەمانی ،
.....جوانترە
تاکە خەشویستم ، مەگری
فرمێسکەکانت ناخم هەئەکەنە
من لە دونیا
جگە لە چاوەکانت و غەمەکانم
چی تر..شک نابەم
""""
ئاخ خەزگە ئەمتوانی پەت بەم :
خەشم ئەویت..ئەی هەشنکەری شەوانم
چونکە من ئینسانەکی ووتم
پەگەی خەم پە نازانم
هە هەوم ووتی کردم
ناوم ووتی کردم
ئەدرەسم ووتی کردم
مەژووم..!؟
مەژووم نیە..
من لە بیرچونەوەی لەبیرکراوم
لەنگەرەکم لەنگەر ناگرە
زامەکم لە شەوەی ئینسان..
خەشویستەکەم :
چیت پە بەخشم..!!
نیگەرانیم..!

خودا نەناسیم …!
هەنجەکانم…!
چیت پێ بەخشم جگە لە
قەدەرێک ،
لە ناو لەپی دەستی شەیتانا
سەما ئەکا..
”””“
هەزاران جار خەشم ئەوێیت
لەم دوورکەرەوە
لە ئاگر و دوکەم
دوورکەرەوە
من لە دونیا
جگە لە چاوەکانت و غەمەکانم
چی تر شک نابەم
چی تر.....شک نابەم